شیعر



فەرەیدوون ئەرشەدی

# با نەدیوان، بۆ کێ بەرن سکاڵایان



تاکەی بەدیار ئەم کلیلە ژەنگگرتووانەوە دانیشتن؟
تاکەی تێشەی نەدیتنی ئەو دیوی دیوارەکانی بمانتاشێ؟
تا چەند لەم قۆزاخە تاریکەدا
بۆ جووتێ باڵ، لەپ بکوتین؟
لەبن شوورەی ئەستووری زەماندا
پەیژەی شادومانیان پرتووکاوە
دەرگایەک!
لەم بیابانە تەنگەی لەشا
تۆزاوی و خەمبارە گیان،
ڕێگایەک،
نادیاری هەمیشە بێدار، ئەی با!
پەنچەرەیەک!
(دڵدانەوەی با، بۆ بێ ئارامە بابردەڵەکان)
بەچی ئارام دەگرێ دڵەڕاوکێی دایک؟

بە چ مۆسیقایەک دەنۆێ فەرخە ماسی،
لە چی ناسڵەمێتەوە مامزێکی تەنیا
کەمن پێی نەزانم؟
منم ئەو نادیارە ناسکەی لە دەلاقەی دڵی هەمووانەوە دێمە ژوور و
قفڵی سندووقی ڕازەکانتان دەکەمەوە!
لە ئێوارانی ڕەنگین بە خەنەی شادومانی
فوو دەکەم لە پشکۆی حەزەکان،
ئاگری وەسوەسەی حەواییتان هەڵدەگیرسێنم و
بخووری نیازی داپیرەتان دەکوژێتەوە.

(گلەییەکی نامورادانە)
ڕەوا نەبوو ئەی با!
ڕەوا نەبوو، غەریبان بە غوربەت بلاوێنی و
ڕەندان بە عەتری زوڵفێک وێرانتر و بێ سامانتر بکەیت!
تۆ فەرمانڕەوای لە شکری دۆڕاوی خولیاکان و
پاسەوانی خەزێنەی دەسەڵاتە نغرۆکانمانی.
نەمامی و جوودمان لەبەر حەژمەتی هاتوچووتا چەمیوەتەوە،
گەر لەم بیابانی وجوودەدا لایەکمان لێ نەکەیتەوە
سەرابە ڕەنگاوڕەنگەکان دەمانخافڵێنن.
گەر نیشانەیەک هەڵنەواسی
لەم لمستانە بێ ئاسۆدەیەدا ڕێ دەرناکەین.
ئێمە کە مەستی لا چاوی بێوەژنی خاکین،
کوڕێنیمان بە کام کازیوە بناسێنین؟
چ چێژێ لە بوونی یاسەکانی بەردەلاقەی بوونمان ببەین؟
(وەسفی با، لە کردەوەی ئەزەلیانەی)
لەوەتەی دەریا دەریایە و چیا چیا

من بەسەر نەرمە شەپۆلەوە، لە تەک پەرییە دەریاییەکاندا و
لە پێخەفی پەڕەی گوڵدا
لەگەڵ کیژۆڵەکانی گزینگدا دەنووم و
خەون بە سەڵتەنەتی خەزانەوە دەبینم،
بۆن بە خونچەوە دەکەم تا بێکەس نەبێ
لە هەڵبژاردنی ئایندەی ناسکترین گوڵدا
هەوەسی نەمان بەسەر شکۆفەدا دەبەشمەوە
لە گۆڤەندی سوێسکەدا بە کاژی مار، سەرچۆپی دەگرم.
لە ژێر باڵی کیژە لادێییەکانەوە دێم و
ڕەنگی قژی بێوەژنان بە شەوگار پیشان دەدەم.
لە مەیخانەی بن ئەشکەوتەکاندا
گوێ لە جنێوی مەستانەی سەردارەکانی جەرگەی شەڕ دەگرم و
لە سەنگەرە چۆڵەکانی پاش جەنگدا
تۆزی غوربەت بە کاکۆڵی شەهیدەێکی نەنێژراوەوە دەپژێنم
بەشانەکانی هەنگویندا دەگەڕێم و تامی ژیانتان لێ شیرین دەکەم
هاژەی من و لەرینەوەی گەڵا وکرانەوەی پەنجەرە، نیشانەکانی بوونن
لێم تێ بگەن!
(تێنەگەیشتن لە با، تێنەکەیشتن لە خودە)
سیبەرەکانمان ماندوون ئەی با،
لە کوێن بەندەرەکانی ئاسوودەیی؟

لەبەر شەکەتی ماسوولکەکانی ڕۆحمانە، ناێینە دیدارت
لەبەر هاژەی خولیاکانە لە تۆ ناگەین،
پێمان بڵێ
کێ جیاوازی سێبەری گۆچانی پیری و
ڕووناکی خەونەکانی جەوانیمان بۆ تەفسیر دەکات؟

چی بکەین بە ڕەشەبای ناو ئێسقان و خۆڵەمێشی ڕەگەکانمان؟
کەس وەکو تۆ
شارەزای چارۆگەی کەشتی حەقیقەت نییە،
هەر تۆی کەلێنی ڕۆحمان بە زەمزەمەی فەنا پڕ دەکەینەوە.
هەر تۆی بەسەر برژانگی برینداراندا ڕەت دەبی
کزەی جەرگی دایکان بەرەو چیاکان دەهێنی و
شەرمەزاریش نیت.
(با، لەکاتی سەرخۆشی نیوەشەواندا
من شەپۆلانم بە دەریاو
لەنجە بە درەخت و فڕینم بە باڵندە ناساند،
من تەنیایی قەبرستانەکان دەشکێنم.
زەرد ڕەنگی بە گەڵا دەناسێنم تاڵ قەدەری چریکە و تەنیایی بولبول بگری
خەزان چ ئاڵایەکی مەزنە بۆ سەردارێکی وەکو من!
هەڵکورمکانی باڵندەیەک بەسەر شانمەوە.
شکۆیەکی نادیارە، ببینین.
(دڵتەنگییەکانی بولبول بۆ با ئاساییە)
ئەی ڕازی بە گریەی گوڵ و ئاشنا بە تاراجی خەزان!
کە دەست دەخەیتە ناو پرچی درەخت ،
دڵە خورپێی گەڵا، لە ناو لەپی مهرەبانیتدا ئارام دەگرێ،
گەواڵەکان شەیدا دەبن و
جەنگەڵ بە بۆنی بارانێکی سەیر، سەرمەست دەبێ.
وجوودێکی خامۆشە درەخت
گەر تۆ بەدەوریا نەگەڕێی
نەبوونت چ بەختەوەرییەکی مەزنە
بۆ جلە شۆڕدراوەکانی بەر هەتا،
بۆ بەرز بوونەوەی کەرامەتی کۆلارە!



گەر تۆ نەبی
چۆن گورگ شوێن پێی نێچیرێکی بریندار هەڵبگرێ؟
(کۆتایی پەیڤین، سەرەتای سەرسامییە)
هەر بەرداشی زەمانە دەمانهاڕێ،
ئەگینا بەخت ئەوەندەش حەزی لە ڕەنگی ڕەش نییە!
ڕەنگێکی ترمان بۆ بهێنە، با ئەم بەختەی پێ بگۆڕین.
گەر باڵەکانت ماندووی ئەو هەموو گەڕانەیە
بەسەر لقێکی پڕ کرێشمەی دڵمەوە هەڵنیشە.
من نەمتوانی ئەی با، من نەمتوانی ئەی مردن بە ژنێکی تر بژیم.
خەوفی حەقیقەتێک لە دڵما دەژیا، زەمەنی پیرتر دەکرد.
بەکرداری عەودالان
سەرم لەم ئاشووبە دەرنەکرد.
بڵێ با ئەو ئەستێرەیەی بەناوی منەوە لە ئاسماندا دەجیریوێنێ
دایگرن و
بە گەردنمی خۆزگەکانیدا هەڵیواسن،
دڵنیام بە شێوازێکی تر دەژین و
ئەم شێوە مردنە بێمانایەشیان بە دڵ نابێ.
هیچ کلیلێ ئەی با!
هیچ کلیلێ لە ناو لەپی ڕۆژەکاندا نەبوو
دەستی ژیان، دەستێکی بەتاڵ بوو. دەستێکی بەتاڵ!
(با، پەیامی بۆ ئارامی،
با، دووپات بوونەوەی باڵی پەڕەسێلکە،
با، داستانی وەیلانییەکانی ئێمە لەم هەستییە ئاشووبەدا.)